سیناریۆی سێیەم ئەگەری روودانی زۆر لاوازە، لەبەر ئەوەی وەک ئاماژە پێکرا، ئەوان ، بە پلەی یەکەم یەکێتی ، بە تەواوی تەسلیمی ئیرادەی ئێران بوەو مانەوەی خۆی لە هاوسەنگی هێزی ناوەوەی هەرێم و بەغدا لە چاوی ئەوان دەبینێتەوە ، بۆیە هەرگیز ناتوانێت بکەوێتە شەڕ دژی دوژمنی دوژمنێکی و پیاوی یەکەمی ئێران لە عیراق ، هەرچی دەربارەی گۆڕانە، ئەوان تاکو ئێستا بانگەشەی خەباتێکی مەدەنییان کردوە، وانیشان دەدەن کە هێزی چەکدارییان نییە، ئەگەرچی لە راستیشدا هێزێکی چەکداری ئامادەو شاراوەیان هەیە، رەنگ هەڵوێستەکەیان بەرامبەر ئێران وەکو یەکێتی سەخت و تەنگەتاو نەبێت و توانای ئەوەی هەبێت دەست بەخەباتە مەدەنیەکەی خۆیەوە بگرێت ، لەو حالەتەدا بۆ ماوەیەک چەند هەنگاوێک رەنگ بچێتە دواوە، بەڵام لە دوارۆژدا قازانجی سیاسی زیاتر دەکات، بۆیە لەو قۆناغەی ئێستادا کەوتنە داوی یەکێتی، لەبەرژەوەندی گۆڕاندا نییە !هەرچەندە ناکرێت ئەوەش لەیاد بکەین کە گۆڕانیش دەکەوێتە ژێر حوکمی جوگرافیاو ناتوانێت هەموو بڕیارەکانی ئازادانە بدات لەهەموو حاڵەتەکاندا،هەڵبژاردنی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ یەکێتی، دووچاری هەمان چارەنووسی ئەو دەبێتەوە

هاوکات ئەگەری سیناریۆی دوەمیش لاوازە، چونکە یەکێتی و گۆڕان، ناتوانن بێلایەن بن و میانگیری بکەن، بە تایبەتیش لە خاڵەکانی سەرەتایی رووبەڕووبوونەوەیەکی لەو شێوەیەدا ، چونکە ئێران ئەمەیان لێ قبووڵ ناکات و دواجار لە خێڵ و هۆزو کەسایەتیەکانی تری کوردستان ئەلتەرناتیڤیان بۆ دروست دەکات ،کە ئەمەش مانەوەی ئەو دوو هێزە لەگۆڕەپانەکە دەختە گومان و ژێر پرسیارەوە!

سیناریۆی یەکەم ، ئەگەری روودانی لە هەموو سیناریۆکانی تر بەهێزترە ،ئەمەش واتای ئەوەیە یەکێتی سوود لە مێژوو وەرناگرێ و دەکەوێتە هەمان ئەو هەڵە سیاسیەی کە لە ساڵانی شەڕی ناوخۆدا دووچاری بوەوە، بەمەش جەولەیەکی تری شەڕی ناوخۆ دەست پێدەکاتەوە ، بە واتایەکی تر ،یەکێتی وەڵامی 31 ئاب ، بە 31 یەکی ئاینکی تردا دەداتەوە .لەم حاڵەتەشدا ، کارەساتەکە لەوەیە کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی شەڕێکی هەرێمی زۆر مەترسیدار، کە تەڕو وشک بەیەکەوە دەسووتێنێت و زەرەرمەندی یەکەم تیایدا گەلی کورد دەبێت ،رەنگ بێت لەسەرەتادا ، بە پاڵپشتی ئێران ،بتوانرێت پارتی تێکبشکێنرێت و لە گۆڕەپانەکە دووربخرێتەوە، بەڵام ئەمە ماوەیەکی زۆر ناخایەنی

> **مەترسیەکە لەوەدایە کە ئەمڕۆ کوردستان بەشێوەیەکی ترسناک بەسەر دوو هاوپەیمانیەتی دژەبەر دابەش بووە**

و بەیارمەتی و تورکیاو ئەمریکا پارتی دەگەڕێنرێتەوە، ئەگەر بتوانن سەرکەوتنێکی خێرا بەسەر بەسەر ئێران بەدەست بێنن! لەم قویرانەدا ،براوەی یەکەم هێزە ئیسلامییەکان، بە تایبەتیش یەکگرتووی ئیسلامی دەبێت ، لەمقەیرانەدا هەلی هاتنە پێشەوەی زیاتر بۆ دەرەخسێت، چونکە ئەو لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە زیاتر لە تورکیا نزیکە ،هاوکات دوای لاوازبوونی پارتیش ، ئەو زیاتر دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی تورکیا، بە شێوەیەکی هێمنانەتر بپارێزێت ،هاوکات مەترسی بیری ناسیونالیستانەی ، یاخود بەلایەنی کەم دروشمی ناسیونالیسانەی لە پارتی کەمترەو نابێتە هۆی بێزارکردنی ناوەناوەی کەمالیستە نوێیەکان. لەو هێنان و بردنەشدا،دیارە کوردستان دووچاری ماڵوێرانییەکی زۆر دەبێت ، چونکە کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی شەڕە مەترسیدارەکان.

## پێویستە چی بکرێت؟

لەم خوێندنەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئێران، وەک شەڕێکی دەستپێشخەری، دەیەوی بنکەی شەڕەکانی لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەتیش ئەمریکا فراوان بکات، سنوری جوگرافیای ئەو فراوان کردنەش، بە سنوورەکانی کوردستانەوە بەستراوە، چ لەسوریا، یاخود عیراق، یا تورکیا بێت، ڕاگرتنی ئەو هەوڵەی ئێران لە تواناى هێزە بچووکە ناوخۆییەکان نییە ، تەنانەت لە توانای زلهێزێکی هەرێمی وەکو تورکیاش دانییە ، بۆیە دەبێت لەسەر ئاستێکی گەورەترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیە بکرێت ، ئەمەش لەسەر چەند ئاستێکدا:

### لەسەر ئاستی ناوخۆی کورد:

کوردستان لە چەقی ڕووداوەکانە، بۆیە کوردو خەڵکی کوردستان ناتوانن خۆیان لەو ڕووداوانە بەدوور بگرن ،بە تایبەتیش مەترسیەکە لەوەدایە کە ئەمڕۆ کوردستان بەشێوەیەکی ترسناک بەسەر دوو هاوپەیمانیەتی دژەبەر دابەش بووە ، حزبەسەرەکیەکانی کوردستان،تەنانەت حزبە بچووکەکانیش ! بەسەر ئەو دوو باڵەدا دابەش بوون، بۆیە ئەگەر سیاسەتی یاریکردن لەسەر دوو پەت پیادە بکرێت، دەکرێت سوود لەو دابەش بوونە وەربگیرێت و بەختی کورد بشکێنرێتەوە ، بۆئەوەی کوردستان لە ژێرکەوتن و سووتماک بوونێکی بەدڵنیاییی ، تا ڕادەیەکی زۆر دووربخرێتەوە ، ئەمەش پێویستی بە ڕێکەوتنێکی شاراوەو ژێر بەژێری کوردیـ کوردی هەیە، تاوەکو ڕۆڵ و ئەرکی هەموو لایەک دیاریکرێت ،هاوکات لە کاریگەری ئەو پاشکۆبوونەی هێزە سەرەکیەکانی کوردستان کەم بکرێتەوە !ئەم هەوڵە پێویستی بە لەخۆبووردوویی و ئازایەتیەکی زۆری سەرکردەکانی کورد هەیە، هەرچەندە لەکاتی ئێستادا ئەوەیان تیادا بەدی ناکرێت، بەڵام دەبێت بەرژەوەندی کوردستان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندیەکانی ترەوە ببینرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر کورد بە ناچاریش خرایە شەڕەوە ،ئەوا شەڕەکە لە پێناو خۆی بکات، نەک لە پێناو خەڵکانی تر، دەبێت یەکێتی و گۆڕانیش بە پشت بەستن بە ململانێیەکی و مەدەنی و سیاسیانە،هەوڵ بدەن هاوسەنگی هێز لەکوردستان بگۆڕن ، کە ئەمە لە خزمەتی هەموو مەسەلەی کورد دایە ، بەپێچەوانەوە ، ئەگەر هەمدیس هەوڵبدەن بە ڕاجمەی ئێران ئەو هاوسەنگییە تێکبشکێنن ، ئەمە کوردستان بەدەیان ساڵ دەگەڕێنێتەوە دواوەو دەیخاتە دۆخێکی وەهاوە کە لە قۆناغی شەڕی ناوخۆ (1994-1996)، زۆر مەترسیدارتر دەبێت و ئاقیبەتەکەی زۆر خراپتر دەبێت!!

### لەسەر ئاستی سیاسەتی ئەمریکا

پێویستە ئەمریکا هەڵویستی بەرامبەر هەموو کورد یەکبخات و واز لە پۆلین کردنی کوردی باش و کوردی خراپ بهێنێت، بەمەش دەتوانێت هەموو ئەو کوردانە بۆ خۆی ڕابکێشێت کە لە میحوەری دژە ئەمریکادان، کە زۆرینەیان بە ناچاری لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی ئەمریکایی و ڕۆژئاواییەکان ئەو ڕێگایەیان گرتوە، ئەمەش لەڕێگای سەرلەنوێ دارشتنەوەی هاوپەیمانییەتیەکانی خۆی دەبێت، بۆ وێنە پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK، وەکو (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی ) لە لیستی تیرۆر دەربهێنێ و ناوبژی لەنێوان تورکیاو پارتی کرێکاراندا بکات لە پێناو چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد ، هاوکات دڵنیاییەکیش بداتە ئەو هێزانەی هەرێمی کوردستان ، کە کەوتوونەتە ناوچەی نفوزی ئێران ، بەوەی نایانخاتە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، واتە کار لەسەر ئەوەدەکات کە لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی سیاسی وا بێتە ئارا باڵا دەستی دوو حزبی سەرەکی بنەبڕبکات و سیستەمێکی فرەحزبی ڕاستەقینە، بەدەستخۆشی ئەمریکاییەکان بێتە کایە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا:

پێویستە هاوکێشەکان پێچەوانە بکرێتەوە، واتە هەموو ڕووداوەکان لە سوریا قەتیس نەکرێت و دەبێت ڕێزبەندی ڕووداوەکان تێکبشکێنرێت، چاوەڕوانی کردن بۆ ڕووخانی ڕژێمی سوریاو دوای ئەو گواستنەوە بۆ ناوچەکانی تر، لەوانە ئێران ، هەلێکی باش بۆ ئێران دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت یارییەکی باشتر بکات و زۆرتر بمێنێتەوە ! مەترسی ئەمەش لەوەدایە، کە لەدوجاردا ، هاوپەیمانییەکی نوێی تورکی – ئێرانی بێتە ئاراوە، کە ئەمریکایی وڕۆژئاواییەکانیش هەرگیز بیریان لی نەکردۆتەوە، چونکە ئێستا ئێران و تورکیا هەمان عوسمانی وسەفەوی کۆن نین ، لە قۆناغی ئێستادا، ئەو بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیانەی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە بۆوێنە (وەکو لێدانی مەسەلەی کوردو پرۆژەی گازی نافۆکۆ) زۆر لەو هۆکارانە زیاترە کە لەیەکیان دوور دەخاتەوە، بۆیە سەرکەوتنی ستراتیژی ئێرانی لەناوچەکەدا، ڕەنگ بێت دەوڵەتیکی وەکو تورکیا لە ڕۆژئاوا بێ هیوا بکات و بکەوێتە هەڵپەی هاوپەیمانیەتی کردن لەگەڵ ئێران و ڕوسیاو چین ، ئەمەش ئەو سیناریۆیەیە کە بریجنسکی باسی لێوە کردووە، بۆیە بەرلەوەی ئەو ئەگەرانە ببێتە ڕاستەقینە، پێویستە ئەمریکا شەڕی دەستپێشخەری لەگەل ئێران دەست پێبکاو چاوەڕوانی ڕووخانی ڕژێمی سوریا نەکات، ڕەنگ بێت بۆ ماوەیەک ناوچەکە دووچاری ئاڵۆزییەکی مەترسیدارو پاشا گەردانییەک ببێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا نەخشەی سیاسی ناوچەکە بە شێوەیەکی وا دادەڕێژرێتەوە،کە زیاترڕەنگدانەوەی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێت لەکاتی ئێستادا؟

# یاداشتەکانی جەوهەر

زنجیرەی یانزدەیەم ئەرشیفی: بروسک ئەسعەد مێرگە سوری

شەهید جەوهەر موحەمەد ئاغای مێرگەسوری لە سالی1943 ل دەڤەری مێرگەسور لە دایک بووە، تا قوناخی سەرەتایی خوێندویەتی ولەبەرکاری سیاسی پێی تەواونەکراوە وهەر زوو لەگەل باوکی وبراکانی؛ شەهید فاخر ئاغای مێرگەسوری وشەهید سەعید ئاغا سەنگەری خەباتی تێکوشانی کوردایەتی هەلبژاردووە ولەسالی 1963 بووە بە پێشمەرگە.

شەهید جەوهەر مێرگەسوری لاوێکی پێشرەو روناکبیرو خامە بەدەست بووە وهەروەها نوسەرێکی بەتوانا وتەکنیک کارێکی بەتواناش بووە، بەرلە سێدارەدانی لەلایەن سەرکردایەتی شورشی ئەیلولەوە، ژمارەیەک دەستنووسی خوی بەجێ ماوە، هەروەها چەندین تابلوی رەنگاو رەنگ کە بەدەستی خوی کێشراون تا ئێستا ماون، دیسان چەندین دەستنوس لەدوای خوی ماون وەکو بەرنامەی "بين السائل والمجيب" کە 120 لاپەرەیە لە رادیوی بی بی سی، ویاداشتەکانی کە 167 لاپەرەیە لەنێوان سالەکانی 1974 بو 1975 نوسیویەتی ودەفتەری کەشکول کە بەداخەوە تەنها 20 لاپەرەی ماوە، وچیروکی ئانەوا کە زور درێژە وکەوتوتە دەستی کابرایەکی نەناساوەوە، وڕومانی فرمێسک وبرین کە 130 لاپەرەیە جگە لە چەندین دەستنوسی تریش کە فەوتاون . شەهید جەوهەر لە شەوی 22 لە سەر 23 مانگی 3 سالی 1975لە زیندانی رایات لە گەل گشت براکانی وبابی لەلایەن سەرکردایەتی شورشی ئەیلولەوە قەتل عام کران ولەدوای خو دوو کور ودوو کچی بەجێ هێشتون..

کێشەی قوبرس

20 تموز: ئەمرۆ لەسەعات شەشی بەیانی 10 هەزار سەربازی کۆماندۆی تورکی لەئاسمانو دەریاوە دابەزینە سەر جزیرەی قوبرسو زۆربەی بەندەرەکانی کەشتیو فرۆکەخانەکانیان داگیرکردو کەم کەمە تەقەدەستی پێ کرد لەسەر هێڵی نێوان یۆنانیە قوبرسەکانو تورکە قوبرسەکان.

وەئەوەی پێویستە بلێم، لەرۆژی دووشەممە 15 تموز ئەفسەرە یۆنانیەکانی کەسەرپەرشتی هێزە نیشتمانیەکانی قوبرس دەکەن بەکۆمەکی کردن لەگەڵ هێزەکانی نیشتمانی قوبرسی هەڵسان بەکودەتا (انقلاب)ێکی عەسکەری دژی قەشە مکاریوس سەرۆک کۆماری قوبرس.

کودەتایەکە کەزۆر خوێناوی بو، وەزیاتر لە30-40 کەس کوژراونو دەیان کەس بریندارکران تاکو کودەتاییەکان توانیان دەسەلات بەسەر وولاتو نیقوسیادا درێژ بکەن.

گەلی قوبرس ئەوەی توانی بەرگری لەئنقلابەکە کرد، بەلام دەرقەتیان نەهاتنو قەشە مەکاریوس رای کردو پەنای بردە بەرهێزە ئاکاویەکان (قوات الطوارئ) نەتەوەیەکگرتوەکان. وەرۆژی دوهەم ئینقلابیەکان لەدەریاوە هێرشیان بردە بارەگای تازەی مکاریوسو

لەزەویشەوە هەر پەلاماریانداو دەریان پەراندو بەفرۆکەیەکی سوپایی ئینگلیزی لەدورگەکە هەڵاتو خوی گەیاندە ناو ئینگلیز. تاکو لەوێشەوە بڕوات بۆ نیویۆرکو شکایەت بکات لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان.

هەمان رۆژی ئنقلاب سەرەک وەزیرانی تورکیا (بولوند ئەجەوید)بۆ ئێوارە بەپەلە خوی گەیاندە بریتانیاو کەوتە گفتوگۆ لەگەڵا (هارملد ویلسون)سەرەکو وەزیری ئینگلیز لەبارەی قوبرس.

وەپێویستە پەنجەش درێژ بکەم بۆ رێککەوتن نامەکەی سالی 1960 لەنێوان تورکیاو ئینگلیزو یۆناندا لەبارەی چارەنوسی ئەو دورگە بچوکەدا.

لەسالی 1960 شەرێکی خوێناوی بەرپابو لەنێوان تورکەکانو یۆنانیەکان دانیشتوانی دورگەی قوبرس، وە دەیان کەس لەهەردولا کوژران. وە نەتەوەیەکگرتوەکان ناچاربو دەست بخاتە ناو بۆ وەستاندنی شەڕ وە لەکۆبونەوەکانی کۆمەڵی نەتەوەکان هەرسێ لای پەیوەندار بەو جزیرەیە کەوتنە مشتومڕو راوێژ بۆ رێککەوتن نامەیەک لەبارەی وەزعی قوبرس، سێ لایەکانیش تورکو ئینگلیزو یۆنان بون، تورکیا بەناوی بەرگری لەجالیەی تورکو یۆنانیش بەناوی بەرگری لەجالیەی یۆنان کەزۆربەنو ئینگلیزیش بەبیانوی ئەوە کەداگیرکەری ئەو دورگەیە بو لەکۆنەوەو هەندێ رێک کەوتن نامەو بڕواتامە هەبون لەنێو ئنگیزوو خەڵکی قوبرس.

بەم جۆرە هەرسێ لاکۆبونەوەو رێک کەوتن نامەیەکیان مۆرکرد کەهێزێک لەنەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ئاوبڕی بچێتە ناوجزیرەو هێزەکانی ئینگلیز بکشێتەوەو دەست لەدورگەکە هەڵگرێو سەربەخۆیی بدرێت بەقوبرس، وەهەروەها نزیکەی 650 ئەفسەری یۆنان بنێردرێن بۆ قوبرس بۆ سەرپەرشتیو سەرکردایەتی هێزە نیشتمانیە سوپاییەکانی قوبرس، وسەرەک کۆمار یونانی بێتو جێگری لەتورکەکان بێتو هێڵێک لەنێوان هەردو تایفە دیار بکرێت، بۆ ئەوەی خوێنیان نەرژێ.

وە هەروەها رێککەوتنی نامەکە دەڵێ: ((ئەم سێ قۆڵیە مافی ئەوەیان هەیە لەکاتی پێویست دا لوت درێژ بکەنە ناو کاروباری جزیرە، وە هەروەها هەریەکەش لەم سێ لایە (واتە تورکیاو ئینگلیزو یۆنان)مافی ئەوەیان هەیە لەکاتی تەنگاوەدا و لەکاتی تێک دانی رێککەوتن نامەکە لوتی بخاتە ناو جزیرەو سنوریۆ لای تێکدەر دابنێت)).

بەو جۆرە تورکیا مافی ئەوەی دابەخۆی کەجزیرەکە داگیربکات وەدوای ئەوەی سەرەک وەزیرانی تورکیا سەرنەکەوت لەقایل کردنی ئینگلیز کەپێکەوە بچنەناو دورگەکە، وبەریتانیا هەمو چارەسەرێکی عەسکەری فڕێ دا لاوەو هەوڵێ دا بەئاشتیو راوێژکردن ئەم کێشەیە حەل بکات، دوای گەڕانەوەی سەرۆکی تورک، ئەنجومەنی وەزارەتی تورک لەناکاو کۆبوەوەو بەنهێنی بڕیاریدا کە بەهێزی سوپا قوبرس داگیربکات بۆ لادانی ئنقلابیەکان. وەکەوتە خۆیو کۆکردنەوەی هێز لەباشوری وولاتو هەمو دەنگوباسێکی قەدەغەکردو سەدان تانکو تۆپو کەشتی جەنگی ئامادە کرد.

جوزیف سیسکو یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەپەلە گەیشتە لندنو لەگەلا هارولد ویلسنو نوێنەری تورکیا کۆبوەوەو ناردیان بەشوێن نوێنەری یۆنانیش.

وەبەگوێرەی باس وا دەردەکەوێ کەئەمریکا حەز لەقەشە مەکاریوس ناکاو بە(کاستروی) دەریای ناوەڕاستی دەزانێو نایەوێ بێتەوە سەر حوکم، لەوەدا دەردەکەوێ کە وەکالەتی مەرکەزی ئستخباراتی ئەمریکاش لەگەلا یۆنان دەستی هەیە لەو هەڵگیرانەوەیە وە ئەمریکا دەری خست کەدەبێ ئەو تاقمە ئینقلاب چیان لابدرێن بەلام ناش بێت مەکاریوس بچێتەوە سەر حوکمو یۆنانیش ئەفسەرەکانی بگۆڕێ بەهیتر.

گۆڕینی ئەفسەرەکان بەزۆری رای وەزیرەکانی ئینگلیزبوو، وە لەراستیش دا گۆڕینی ئەفسەرەکان هیچ حەلێک نیە بۆ ئەم کێشە چونکە ئەفسەری یۆنان هەمان ئەفسەرن مادام رژێمی ولات لەگەڵ هەڵگیرانەوەدا بێتو ئەم رایەش قبوڵ نەکراو قەشە مەکاریوس بەفرۆکە فڕی بەرەوو نیویۆرکو ئەمرۆ ووتارێکی دورو درێژ دەداتو داوا لەولاتەیەکگرتوەکان دەکات کە تەدەخول بکەنو رژێمی عەسکەری تازە بەسەرۆکایەتی نیکولای سامسۆنو دەستەو دایرەکەی لابەنو خۆی بهێننەوە سەرکورسی حوکمرانی.

مەندوبی روسیاش لەولاتەیەکگرتوەکان بەتوندی داوای لابردنی ئنقلاب چیەکانی دەکردو مافی دەدا بەمەکاریوس.

وەدوای ئەوەی هەموو هەوڵدانی ئاشتی شکەستی هێنا بۆچارە سەری وەزع، هێزەکانی سوپای تورکیا هەر لەشەوەوە کەوتنە رێو ئەوەبو لەگەڵ بەیاندا دورگەیان داگیرکردو هەر کەهێزەکان گەیشتنە ئەوی سەرەک وەزیری تورکیا دەری خست لەبەیانێکی رەسمیدا وگوتی: ((لەبەرئەوەی هەمو



هەوڵدانێکی ئاشتی خوازانە بۆ چارەسەری باری ئێستای قوبرس قەشەل بونو سەرنەکەوت، تورکیا ناچاربو لەپێناوی:مرۆڤایەتی- لەپێناوی تورکبادا-و لەپێناوی دورخستنەوەی شەڕو لەپێناوی خەڵکی قوبرس دا.. بەسوپا دروگەکە داگیربکاتو هیوادارە کەبەبێ تەقەو خوێن ڕشتن دەست بەسەر جزیرەدا دریژ بکەن)) وەفرۆکەکان کەوتنە قرین بەسەر نیقوسیای پایتەخت کەشتی جەنگی لەدوری چەند کیلۆمەتر لەدورگە وەستانو کەشتیە یارو سەرباز هەڵگرەکانیش لەبەندەرەکان لەنگەریان داو سەدان تانکو تۆپ ڕاکێشەرانە سەر زەوی.

بولوند ئەجوید سەرەک وەزیرانی ئێستای تورکیا نۆزدەهەمین سەرەک وەزیری تورکەو لەساڵی 1925 لەئەستەنبوڵ لەدایک بووەوە ساڵی 1955 جێگری ئەنقەرە بو لەپەرلەمانی تورکیا وە لەساڵی 1960 بو بەجێگری سەرەک پەرلەمانی تورکو لەساڵی 1974 بو بەسەرەک وەزیرو سەریە پارتی کۆماری تورکیایە کۆنەپەرستترین حزبە وەزارەتەکەی ئەجوید هاوبەشی (ائتلاف)یە.

وەئەوەی شایانی باسە تورکیاو یۆنان هەردوکیان ئەندامن لەپەیمانی ئەتلەسیو سەنتۆ، وەهەمیشە نێوانیان ئاڵۆزو ئاژاوەیە هەر لەکۆنەوە، واتە هەر لەوەختی داگیرکردنی هێزەکانی سوپایی یۆنان خاکی تورکیا لەسەردەمی کەمال ئەتاتورک، زۆربەی خاکی ڕۆژئاوای تورکیا یۆنان داگیری کرد.

وەبۆ مێژو ئەوە دەڵێم کە لەوکاتە تەنگاوەدا کەمال ئەتاتورک کەیەکەم سەرەک کۆماری تورکیابو دوای ئنقلاب کەپێ هەڵسا لەو کاتە تەنگاوەو مێژووییەدا پەنای بردە بەرگەلی کورد لەکوردستانی تورکیا کەیارمەتی بدەن بۆ دەرکردنی هێزەکانی داگیرکەرو بەڵێنی پێدان کەدوای سەرکەوتن خودموختاری ئەداتە کوردەکان.

وەلەبەر ساویلکەیی سەرکردە کوردەکانو پیاوە ئاینیو شێخەکان بەجارێ هاتی گەلیاندا و بەناوی جهادی پیرۆزەوە کەوتنە کۆڕی شەڕ دژی سوپای یۆنان، وەدەریان کردو خاکی ڕۆژئاوای تورکیایان ڕزگار کرد.

کورد زۆر ساویلکە ونەزان بو کەئەو دەرفەتە زێڕینەی شەڕی تورکو یۆنانی وەدەست نەهێناو مافی ڕەوای خۆی لەبیر چوەوەو باوەڕی بەبەڵێنە نادروستەکەی ئەتاتورک کردو هەزارەها لەڕۆڵەکانی لەم جەنگەدا کردن بەسوتەمەنی- وەدوای وەستانی شەڕ، ئەتاتورک لەجیاتی بەڵێنی بێنێتەدی کەوتە کوشتنو برینی کورد بەجۆرێک قەڵەم لەنوسین ئەوەستێ ئەگەر باسیی بکرێت.

وەزعی قبرس زۆر ئاڵۆزو شیواوە دورنیە یۆنانیش بەسوپا پەلاماری هێزەکانی تورک بدات بەبیانوی بەرگری کردن لەیۆنانەکانی قبرس، بەڕاستی دەرفەتێکی باش بو بو تورکیا، چونکە زۆر لەکۆنەوەیە بەدوای دەرفەتێک دەگەڕا پەلاماری ئەو دورگەیە بدات، بەڵکو بەدوای ئەوەش دەگەڕێ هەر پەلاماری یۆنان خۆی بدات بۆتۆڵەسەندنەوەی کۆن.

لەدوای نیوەڕۆ لەسەعاتی یەک ئێزگەی کوێتو بیروتو عەمان هەمویان ڕونیان کردەوە کە شەڕ زۆر زۆر بەتوندی ئەگەڕێ لەناو بەینی داگیرکەرەکانو یۆنانیە قوبرسییەکان، وەتائێستاش نیقوسیا پایتەخت نەگیراوەو شەڕ لەناو کوڵانو جادەیە.

وەهەروەها گوتیان کەوا ئوستوڵەکانی ئەمریکا (ئەستولی شەشەم)لەدەریای سپی ناوەڕاست کەژمارەی 45 کەشتی جەنگییە بێجگە لەهەڵگری فرۆکە وەهەروەها هەندێ پارچە لەئەستولی سۆڤیەتو بریتانیاو یۆنان بەرەو ناوچەی قبرس حەرەکەتیان کرد.

وەهەروەها ئێزگەکان تاکیدیان کرد کەوا هەفت 7 فرقەی چەتر بازی سۆڤیەتی لەحاڵەتی ئامادەیی تەواو دایە وەهەندێ پاپۆڕی جەنگی ئەمریکی ئەگەنە بەندەری (کرینیا)و بەندەرێکیتر کەوا هێزەکانی تورکیا داگیریان کردوە ڕێگایان داوە بەو کەشتیە جەنگیانەی ئەمریکاو ئینگلیز کەوا بێن جالیەکانیان ڕزگار بکەن، وەهەروەها هەندێک هێزی کۆماندۆی ئینگلیزیش گەیشتەوێ وەلەسەعاتی چواری ئێوارە ئێزگەی لندن گوتی: ((تەعبیەی گشتی کراوە لەیۆنانو سەدان تانگو تۆپو چەکی تر بەرەو سنور کەوتەڕێ) وەوادیارە کەسەرکردە سوپاییەکانی یۆنان باوەڕیان نەدەکرد کەتورکیا ئەم غەزوە دەکات و هەر بەهەڕەشەیان دەزانیو بەس.

20 تموز: ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ من خەریکی تابلۆ زلەکەی (بوکا بێژی)بووم کەوا لەمانگی ڕەمەزانی 1973 دەستم پێ کردبو، بەڵام لەبەرباری ئاڵۆزو گوڕاوی دەرونو ژیان دەستم زۆرلێ شل بو،.. بەهەر حال توانیم ئەم بەهارەی 1974 زۆربەی تابلۆکە بکەم.. وتا ئەمڕۆ وازم لێ هێنابو، ئەمڕۆش خەریکی هەندێ زێڕو بازن بوم ئەم خستە ملو گەردەنو دەستی ڕەسمی تابلۆکەم..

تابلۆکەش ژنە کوردێکی باڵابەرزو ڕێکو پێک بەکەلوپەلو بەرگی عەشیرەتی شێروانیو بەوپەڕی خۆڕازاندنەوە.و تاسو پۆشی لەسەر لەبێری مەڕو بزن دەگەڕێتەوەو کارولەیەکی ساوای لەباوەشەو بەدەستی ڕاستیشی پەقرەجێکی پڕ شیری هەڵگرتووە..و بزنەکەش بەراکردن بەدوای کارەکە ڕادەکاتو لوتی بەرزکردوەتەو، بۆلای سەری کارولەکەو، بێریەکەش بەزەردە خەنەیەکی شیرنەوە کەوا وورشەی ددانە وردو جوانەکانی ئەبریقێتەوە.. سەیری دیمەنی کارو بزن دەکاتو بیر لەسۆزی دایک دەکاتەوە بۆ کورپەی.. وەخۆشی ئەم شتەی لەپێشەو دەبێتە دایکی کۆرپەیەکی جوان.

لەپشتیشیەوە دیمەنێکی جوان لەزنجیرە چیایکی بەرزو سەر بەبەفر لەکەشی بەهارو پەڵەهەوری سپی ئاسمانی شینی ڕازاندنەوەتەوە دەشتاییو ناو بەرزیو نزمی کۆتایی بەدامێنی چیاکان دێنن...

خەریکی ڕەسم بوم کەگرەی ترومبیلێک لەخوار پەنجەرەکەوە هاتو وەستا.. منیش فرچەم هەر بەدەستەوە بوو سەرەو خوار سەیرم کرد.. دیاربو دایکی غاندی.دا دەبەزیو غاندیشیی لەباوەش بو، وە دیاربو دایکیشم دوا بەدوای ئەو دابەزی..

بەپەلە بەپیر دایکەوە چومو دەستم ماچ کرد ئەویش نێو چەوانی ماچ کردم ماوەی شەش مانگ دەبو دایکم نەدیبو پاشان غاندیم لەدایکی وەرگرتو لەبرسانیش دەگریا بەڵام کەچاوی پێم کەوت گریانی لەبیرچو کەوتە پێکەنین.. ئەو وەختە تەمەنی شەش مانگ کەم پێنج ڕۆژ بو..

بەڵام بەداخەوە باسێکی ناخۆش بەتەواوی ئاڵۆزی کردمو وەزعی تێک دام بەڵکو پشتم کەوتە ئێشو ژان کەخەبەری وەفات کردنی عزیزی ئێمەو پیاو چاک مێر سەری عەشیرەتی شێروانی (سوار ئاغا کوڕی محەمەد ئەمین ئاغای شیروان) یان پێدام کەوا بەر لەیەک دوو مانگ لەبەندیخانەی (رایات)فەرمانی خوای بەجێ گەیاندوە..

سوار ئاغا خزمێکی نزیکو لەبنەماڵەی ئێمەبو.. پیاوێکی سادەو جوامێرو خاوێنو ڕەشیدو تفەنگ چی بوو. لەسەر قەزیەی ئێمە گیرابو.. وەهەر لەگەڵ ڕەشیدوو مەجیدو ئەسعەدو خەلیلو خزمانێتر لەیەک ژوربو...

نازانم داخوا چۆن مردوە ئایا وەفاتی سروشتییە یان لەژێر ئازارو تەعزیب تەواوبوە.. ئەڵێن گوایە نەساغ بوەو لەژێر عملیات لەخەستەخانەکانی ئێران دەرنەچوەو تەواو بوە. ئەمە هەموی لەلایەک.. بەڵام ئایا تەرمە پیرۆزەکە چی بەسەرهاتو لەکوێ نێژرا و چۆن نێژرا...؟!

وەفاتی سوار ئاغا ئەگەر ڕاست بێت چونکە خەبەرەکە نهێنییە شۆرش ئاشکرای نەکردوە.. ئەگەر ڕاست بێت کارەساتێکی ترە توشی بنەماڵەی شێروانی بو.. سوار ئاغا کۆڵەکەی پشتی بابم بو.. بەڵکو بەشێری ئەو بنەماڵە حساب دەکراو

پیاوێکی زیرەکو سەخی رەوشتو مەردبو..

ئەگەر کارەسات هات بەلافاو دێتو بەکەس ناگەڕێتەوە... بەر لەمانگو نوێیەکیش لەسەر دەمی رۆیشتنی شێخ عوسمان بارزانی بۆناو میری لەترسو رقی شۆڕش (مامەندی)کوڕی ئەم سوار ئاغایەی لەگەڵ برایێکی تری سوار ئاغا و هەندێ خزمی تری لەگەڵ بون لەرێگا بەسەر هەندێ لوغم دادەچنو (مامەندو سەعید ناوێک دەکوژرێن)..

خۆ هێشتان جێگاو رێگاو چارەنوسی فاخری براو سەعیدی براو خەلۆی پێشمەرگە دیارنیە... بێجگە لەوەی سێ براو چەند ئامۆزام هەر لەبەندیخانەی رایاتنو منو باوکی پیرو بێ تواناشم ووابین لەخەلان دەست بەسەری توندو بێ حوریەتین..

21 تموز: هێشتان شەڕ بەردەوامە لەنێوان هێزە دابەزیوەکانی تورکیاو هێزە نیشتمانیەکانی یونانیە قوبرسیەکان..

بەراستیی یۆنانیەکان لەقوبرس شەڕێکی پاڵەوانانە دەکەن.. وە لەلایەکی تریشەوە تورکییە قوبرسیەکان لەگەڵ سوپای تورکیا کەوا هەمو هەرێمی ئەوانی لەژێر چنگە شەڕ لەگەڵ برا یۆنانیەکانیان دەکەن کەوا دانیشتوی قوبرسن.. ئیستعمار ئەزانی چون دوبەرەکی بچێنی لەنێوان نیشتمانیەکان..

ئەمرۆ هێزێکی تری تورکیا گەیشتە قوبرس بۆ بەهێزکردنی سوپای خۆی لەوێ.. شەڕ لەناو جادەکانی نیقوسیا زۆر گەرمە..و ئنقلابیەکان توپی دژی ئاسمانیان لەسەربانی خانوو ئوتێلو شوێنیتری ناوشاردانا بو بۆلێدانی فرۆکەکانی تورکیا.. بەڵام فەرماندەی لەشکری داگیرکەری تورک ئینزاری پێدان کەئەگەر بێتو توپە تەیارە شکێنەکان لەو شوێنانە لانەبەن ناچار دەبین هەمو شار وێران بکەین.. ئنقلاب چیەکان سەریان دانوان بۆ ئەم هەڕەشەیەو لەو شوێنانەیان لابردن ..

لەلایەکیتریش هەزاران ترومبێلی عەسکەریو تانکی یۆنان لەسەر جادەی رئیسی نێوان تورکیاو یۆنان حەرەکەت دەکات بۆ سەرحدودو یۆنان ئنزاری داوە کەئەگەر بێتو لەماوەی چلو هەشت (48)سەعات شەڕدا نەگیرێ ئیعلانی جەنگ دەکات لەگەڵا تورکیا..

وەئەمرۆ 22 پارچە لەئوستولی شەشەمی ئەمریکا بێجگە لەچەند فرۆکە هەڵگر هاتن بەرەو قوبرس بەبیانوی لابردنی جالیە ئەمریکاییەکان.. روسیش لەبەیانێکی تازەیدا دەڵێت (دەبێ حکومەتی شەرعی قبرس بێتەوە سەر حوکمو ئنقلاب چیەکان لابدرێنو گوناح نەخاتە ئەستۆی یۆنان.. وەهیچ ئیشارەت نادا بەغزوی تورکیا لەسەر ئەو جزیرە بچوکەیەدا)).

22تموز: هێشتان شەڕێکی توندو خوێناوی ئەگەری لەنێوان هێزەکانی تورکیاو قوبرسەکانی یۆنانی، وەشەڕی توند بەزۆری لەسەر فرۆکەخانەی نیقوسیایە. وەدەنگوباس ئەڵێن فرودگایەکە کەوتوەتە ژێر چنگی هێزەکانی تورکیاو فرۆکەکانیش ئیزگەی ئنقلاب چیەکانی بۆمباباران کردووە.

وەیونانیە قوبرسیەکان لەئێزگەیاندا دەڵێن هێشتان بەندەری کرینیا لەژێر دەسەلاتی ئێمەدایەو تورکیا درۆ دەکات کەئەڵێ داگیرکراوە..

وەرادیۆی تورکیا ئیعلانی کرد کەشەوی رابوردو ژمارەیەک لەکەشتیە جەنگەکانی یۆنان ویستیان هەندێ هێزی سوپایی لەباشوری رۆژئاوای قوبرس دابەزێنن بەڵام کەشتیو زەورەقە شەرکەرەکانمان بەرەنگاریان بونو سێ چوارێکیان لێ ژێر ئاوکردنو هێرشەکەش بەشکەستیی کشا دواوە.. وە ئەشلێن کەشتیکی ئێمەش نوقم کرا.. وەهەروەها ئەمشەو هێزێکی تری چەتربازی تورک لەنیقوسیا دابەزیوە بۆ پشتگیری هێزەکانیان.

وە دەنگوباسی ئەمرۆی لندن ئەڵێت: میریەکانی یۆنانو تورکیا هەردولا رەزامەندی خۆیان دەرخستوە بۆ شەڕ راگرتن لەسەر بریاری نەتەوە یەککگرتوەکانو بەگوێرەی ئەو پرۆژەی هنری کسنجر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێشکەش کردبو، وەجوزیف سیسکو لەماوەی ئەو دو رۆژەدا بەبێ وەستان ئەمسەرو ئەوسەری دەکردو لەنێوان ئەنقەرەو ئەسینادا..

وە ئەمشەو هێزێکی عەسکەری یۆنانی دابەزیوەتە سەر جزیرەی (رودس)یۆنانی کەوا دوازدە میل لەمەرزی تورکیاوە دورە..

وە دوا دەنگوباس دەڵێ لەسەر بریاری نەتەوەیەککگرتوەکان پێویستە لەسەعات پێنجی ئێوارە شەڕ رابوەستێ.

بەڵام بەر لەو کاتەی دیارکراوە شەڕ لەوپەڕی توندی دایە یۆنانە قوبرسیەکان چەند موقعێکیان لەگەرەکی تورکەکان هەڵساندوە کوشتارێکی زۆریان لەسێ چوار شوێنی مدنی کردوە..

وەفرۆکەکانی تورکیا بەردەوامن لەقەسفی مواقعی یۆنانی.. وەدەنگوباس وا پیشان دەدات کەئەمرۆ نزیکەی چواردە فرۆکەی بارهەڵگری یۆنانی لەفرۆکەخانەی نیقوسیا نیشتونەتەوە بۆ بەهێز کردنو پشتگیری ئینقلاب چیەکان..

ئێستاش سەعات شەشو نیوی ئێوارەیەو سەعاتو نیوێک بەسەر کاتی دیارکراو بۆ شەڕ راگرتن رەت بوە.. بەڵام شەڕ هەر بەردەوامەو هەردولا پەلاماری یەک ئەدەن..و ئینگلیزەکان بەردەوامن لەدەرباز کردنی جالیەکانیانو دەیان بەنەناو دو بنکە سوپاییەکانی خۆیان کەوا لەقوبرس دان.. یۆنان، تورکیا تاوان باردەکات بەتێکدانی ئاگر بەستن.. وەتورکیا ئەنها یەک ئامانجی عەسکەری هێناوەتە جێ لەم هێرشەیدا ئەویش داگیرکردنی ناوچەی تورک نشین لەقوبرس..

ئەگینا فەشەلی عەسکەری تورکیا بەدەرکەوت کەوا بەم سوپا زۆرەی نەی توانی ئامانجەکانی دژی سوپایێکی کەم ولاوازی وەک سوپای نیشتمانی قوبرسی بێنێتە دی... وەزیاتر لەحەقدە فرۆکەی تورکیا خرایە خوارەوە.

دەنگوباسی شەو وا رادەگەیەنێ گوایە ئینقلابێک لەیۆنان کراوەو سوپای سێهەمی یۆنان پێ هەڵساوە دژی میری عەسکەری یۆنان بەڵام هێشتان تاکید نەکراوە، بەهەر حاڵ جوڵانەوەیەک هەیە لەیۆنان...

23 تموز: شەڕ کەم کەمە هەر هەیە لەقوبرس بەڵام کەم بۆتەوە، وەهەردولا یەکتر تاوانبار دەکەن بەتێکدانی ئاگر بەستن. وەنەتەوەیەککگرتوەکان بۆ جاری دوهەم تاکیدی کرد لەسەر شەڕ راگرتن بەزوترین کات..

وەئەمرۆ ئێوارە هەندێ گۆڕانی بنەڕەتی کران لەوەزعی یۆنانو قوبرس..

حکومەتی عەسکەری لەیۆنان دەستی لەحوکم هەڵگرتو خۆیدا دواوە بۆ حکومەتێکی شارستانی.. وە سەرۆکی یۆنانی (جیزیکس) بەناوی یۆنان بانگەوازێکی دا بە (کەرەمانلیس) کۆنە سیاسێکی یۆنان کەوا یازدە ساڵە لەمەنفایە لەفرنسا، بانگ کرا کەبێتەوە یۆنانو سەرۆکایەتی حکومەتی یۆنان بگرێتە ئەستۆی خۆی..

هەرواش بو یەکسەر ناوبراو لەپاریس حەرەکەتی کردو پێشوازێکی گەرمی لەئەسینا بۆکراو یەکسەر چوە کۆشکی کۆماریو دوای دوازدە سەعات سوێندی دەستوری لەپێش سەرەک کۆمار خواردو حکومەتێکی مەدەنی پێک هێنا، بەم کارەش سوڵتەی عەسکەری لەیۆنان دوایی هات و قۆناغێکیتر لەدیموکراتیەت دەستی پێ کردەوە..

ئەمە لەیۆنان.. بەڵام لەقوبرس هەمان گۆڕان کرا سەرۆکی بەزۆر سەپاندوی تازە (نیکۆلای سامسۆن) لەحوکم لابردراو سەرۆکێکی تازە کەناوی (کیریدسی)ە کەناویکرا بەسەرەک کۆمارو یەکسەر ناوبراو لەگەڵ نوێنەری تورکەکان کۆبوەوە بۆ دامەزراندنەوەی وەزع لەقوبرس.. وەوەزع زۆر هێمن بوەوە. هێزە سوپایەکانی تورکیاش جارێ هەر لەقوبرس دەمێنەوە تاکو وەزعی ئاشتی تەواو سەردەگرێت..

# "دان بە بە شەرعی بوونی سەروکی هەرێم نانێم"

دیداری گوڤاری باشور



## سیاسەتمەدار وروناکبیر، کەمال میراودەلی؛ باس لە کاتژمێری کۆدەتا دەکات

**کەمال میراودەلی وەکو رکابەری سەرەکی مەسعود بارزانی لە هەلبژاردنەکانی پێشووی سەروکایەتی هەرێم نزیکەی 25% لە دەنگی دانیشتتوانی هەرێمی کوردستانی بەدەستەوە هێنا بو وەرگرتنی پوستی سەروکایەتی هەرێم، بەڵام ناوبراو رەتدەکاتەوە کە بەرامبەرەکەی کە مەسعود بارزانییە رێژەی 70 % بە دەستەوە هێنابێ وباس لە ووردەکاری "سەعاتی کۆدەتا" دەکات و دەڵێت (زانیاریم هەیە کە رکابەرەکەم چوون کەوتووتە هەلوێستێکی محرجەوە و بە هەموو هێزی خۆی و لە رێگەی فەرەج حەیدەری یەوە توانیان ئەو فێلە لێم بکەن).**

**لەم دیدارەی گوڤاری باشوردا، میرداوەلی باس لە عەقلیەتی نوپوسیونیش دەکات وبە درێژەپێدەری دەسهەلات دەیانناسێنرێت و ئەوەش ئاشکرا دەکات کە کاتی خۆی بو دهوک رویشتووە، دەزگای پاراستن بەدواوەی بوونە.**

**کەمال میراودەلی، پسیارێک دەووروژێنێت و دەڵێت " لە کاتێکدا یەکێتی و پارتی رێژەی 55% بو پەرلەمان بە دەستیان هێنا، ئەی چوون بارزانی توانی 70% لە دەنگی سەروکایەتی هەرێم ببات، لە کاتێکدا بێجگە لە دەنگی جەماوەری هەر یەک لە گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ و زەحمەتکێشان و زورێک لە جەماوەری یەکێتی دەنگیان بە منداوە؟؟!)**

**باشور: زورکەس رەخنە لە حوکمی بنەمالە دەگرن ، پیت وا نیە ئەم شێوازە لە گەڵ زهنیەتی خەلک دەگونجێ؟**

کەمال میراودەلی: من رەخنە لە حوکمی بنەماڵە ناگرم، من رەخنە لە دەسەلاتی بێ دەستوور و نادیمۆکراتی و ناشەرعی دەگرم. من رەخنە لە رژێمی دەسەلاتی کوردی دەگرم کە لە بنەماکانی کۆمالگای مۆدێرن ( زانست، دیمۆکراسی، یاسا، ئەخلاق) بە تەواوەتی بێبەرییەو دەسەلاتی بنەماڵەی بارزانی رەهاو نادەستووریی وقەرەقوشیی نوێنەرایەتییەکی ناشیرینی ئەو دەسەڵاتە نا دەستووریی و ناشەرعیی ونا مەدەنییە دەکەن، سەیر کەن ئێستا کورەکانی بنەماڵە هەموویان بوونە عودەی وقوسەی کوردستان وبە زیادیشەوە جێگەی بنەماڵەی سەددام تکریتییان گرتۆتەوە وهەموو کوردێک هەست دەکا کە سەددام ماوە. ئایا ئەمە رەوشیکی راست وعەقڵانییە و لە بەرژەوەندی بنەماڵەی بارزانی و کورد دایە.

شتێک نییە لە تیێۆری سیاسیی دەسەلاتدا بە ناوی حوکمی بنەماڵە بەو شێوەیەی لە کوردستاندا هەیە. لە زانستی سیاسییدا سیستمی دیکتاتۆری قەرەقوشی هەیەو سیستمی دەسەلاتی دەستووریی، کە دەشێ مەلەکی بێ یان کۆماریی. من هیچ گرفتێکم نییە کە بنەماڵەی بارزانی ببنە عائیلەی مالیکە گەر ئەمە لە ئیرادەی میللەتەوە بێ و میللەت قبوڵی بکات. بەلام دەبێ ئەمە لە دەستووردا بچەسپێ وئەرک و ئیمتیازەکانیان بە دەستوور روونبکرێنەوە و زۆرینەی خەڵک لە رێگای رێفراندۆمەوە دەنگ بۆ ئەو دەستوورە بدەن وقبوولی بکەن. نەک لە دەرەوەرا و لە سەرەوەرا، لە رێگای نۆکەرایەتی بۆ دەولەتە داگیرکەرەکان ودزینی سامان و بودجە وداگیرکردنی مڵکومالی خەلک و دەزگای پاراستن وتێرۆرەوە بسەپێنرێ. تەنانەت دیکتاتۆرترین رژێمیش دەستووریی هەیەو دیکتاتۆر یەکەم جار دەستوور دەگۆرێ ئەوسا دیکاتۆرییەتەکەی پراکتیزە دەکا، لای ئێمە دەسەلات خێلەکی و خیانەتاوییە، دەسەلاتی رەهای دزیی و داگیرکردن وبەرەلایی و بێدادییە. سەیرە سەرانی کورد بە پارتی و یەکێتییەوە هەست بەو بێ ئابروویی یە بەردەوامە ناکەن کە شەوو رۆژ باسی دەستووری عێراق کە دەولەتی عێراقی داگیرکەری پێ دروستکرایەوە دەکەن و داوا دەکەن مالکی لە دەستوور لانەداو دەبێ هەموو حوکم و بریارو رەفتارو کردارێک بە پێی دەستوور بێ، کەچی دوای ٢٠ساڵ تازە باسی ئەوە دەکەن کە پرۆژەی دەستوورێکی مردوو کە سەدی سفر دەوری لە بەرێوەبردنی ولاتدا نییە، بگەرێتەوە بۆ پەرلەمان یان نا. بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی مردووش هەمان قەوانی بۆش ومیللەت هەلخەلەتێنەر دووبارە دەکەنەوە.

بەرێزتان دەڵێن شێوازی حوکمی بنەماله لە گەڵ زیهنییەتی خەڵکدا دەگونجێ؟ ئایا ئەمە راگەیاندنێکە لەگەڵ بنەماکانی زانست ودیمۆکراسی ویاسا و ئاکار دەگونجێ؟ ئایا شتێکی گشتیی وا هەیە پێی بوترێ زیهنییەتی میللەتێک؟ ئایا کۆزانێکی (کۆنسێپتێکی) ئایدیالی نازانستیی نییە؟ چوو زانی خەلک حوکمی بنەماڵەی پێ باشە؟ ئایا رێفراندۆمێک کراوە؟ یان بە شێوەی نافەرمیش رای خەلک ئەزموونکراوە؟.. ئایا دەستوورێک یان یاسایەک هەیە رێگای حوکمی بنەماڵەیی ودەسەلات وئیمتیازاتی رەهای هەزارمێردیی بنەماڵەی بارزانی بدات؟ ئایا حوکمی رەهاو نادەستووریی و دزیی و داگیرکاری وبەدرەوشتیی و قومارو بەهەدەردانی سامانی

**باشور: پەیامەکەت گەیاندووە بە ئۆپۆزسیون وگۆڕان، لەم بارەیەوە؟**

کەمال میراودەلی: من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی گۆڕان هەرگیز دان بەدەسەلاتی مەسعود بارزانی لە ناوچەی سلیمانی و گەرمیاندا نەنێن کار بۆ ئەوە بکەن بە زوویی هەلبژاردنی پارێزگاگان بکرێ و لەو دوو ناوچەدا ببنە هێزی ئیدارەی سیاسیی یەکەم وچالاکییەکی بەرفراوانیش لە هەولێرو دهۆک دەستپێکەن. بەلام هەر لە حەفتەی یەکەمی دوای هەلبژاردن دەستیان کرد بە موساوەمەو ماستاو بۆ بارزانی و کردیانەوە بە مەرجەعی یەکەم و لە یادی ۳۱ ی ئاب، دوای هەلبژاردن چوونە خزمەتی تا مەرحەمەت بکاو ئانبراوەکانیان بۆ بگێڕێتەوەو ئێچیروان بارزانی-شیان وەک پالەوانی ڕیفۆرم لە ناو پارتیدا بۆ خەلک وێنا کردوپەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ دامەزراند وهەموو قورسایی خۆیان خستە سەر دژایەتی کاک کۆسرەت و د. بەرهەم و من.

ئەمانە ئێستا نالێم کاتی خۆی ڕاگەیاندنم لە سەر هەموو ئەو کارە نەشیاوانەو بەشداریی بێ مانایان لە قشە-پەرلەمانەکەی کەمال کەرکوکیدا بلاوکردنەوە. هەروەها دوای سێ مانگ لە هەڵبژاردن نامەیەکی تایبەتی دووردرێژم بۆ کاک نەوشیروان ناردو زۆر لەمانەو بیرو ڕیبازیی گۆڕینی ڕاستەقینەم بۆ روون کردەوە. بەلام هیچ ئەنجامی نەبوو .ئەمانە و ئەو هەموو ئەو کۆبونەوە نهێنییانە لەگەڵ ڕەمزە گەندەڵەکانی بنەماڵەکان لە گەرمەی خۆپیشاندانەکان وخۆسووتاندنەکاندا، وبیدەنگ بوون لە ئاست ئەو هەموو دزیی وداگیرکاریی و ناهەقی وگرتن و فڕاندن و سووکایەتپێکردن و تاوانانەدا کە ڕۆژانە بەرامبەر خەلک دەکرێ ولە جیاتی ئەوە پەیوەندی گوماناێکراوو کۆبوونەوەی نهێنیی لەگەڵ ڕەمزە گەندەل و تاوانکارەکانی دەسەلات و ئینتیهازییەتێکی رووت و قووت، بە ئاشکرا ئەوەی دەرخست کە بەداخەوە ئەوەی پێی دەوترێ گۆڕان بەشێک نییە لە خەم و خەباتی خەلک وهەرگیز بەرنامەی گۆڕینی سیستمی نەبووەو نییە بەلکو بەرنامەی بوون بە شەریک و هاوبەشی ئەو سیستمە گەندەل و تاوانکارو دزو داگیرکەرەی هەیە و حاشا لەوەی بزوتنەوەیەکی نوێ بێ بەشێکی جەوهەریی جیانەبۆوەی دروستکەرو دروستکراوی سیستمی حیزبیی کۆیلایەتی مووچەو کۆیلایەتی بووجەیە. لە بەر ئەوە بەڵێ شتێکی زۆر ئاسایی یە کە ئەوان سەرۆکی هەرێم بە سەرچاوەو دەستوورو دەسەلاتی شەرعیی ومەرجەع دابنێن تا کار بگاتە ئەو ئاستەی کە پارتی بەوە نارازیی بێ کە ئەوان بە مەسعود بارزانی بلێن : سەرۆکی هەرێم. سەیری کەن شتەکان چۆن پێچەوانە بوونەوە!

**باشور: کەواتە تو دانی پێیا نانێیت؟**

کەمال میراودەلی: نەخێر، لە کاتێکدا خەلک بە ئازادی خۆیان منیان بە سەرۆکی شەرعی خۆیان هەڵبژاردووە من چۆن ئەو خیانەتە لەگەڵ ویژدانی خۆم دەکەم کەسێکی بە تەزویرو فێڵ و زۆر هەڵبژێردراو بە سەرۆکی خەلک بزانم؟ یا ئەم شانازییە بۆ کۆمپانیای وشە بێ.

**باشور: هەرێم چوون دەتوانێت لەم هەموو معادلاتە نێودەولەتیانە قازانج بکات؟**

کەمال میراودەلی: قازانجکردن لە هاوسەنگییە جیهانییەکان بە دوو شێوە دەبێ: هەبوون و ناسینی خۆت و ناسینی ئەوی دی. لەوەتی رووخانی میدیاوە دەرفەتی وەک رووخانی ڕژێمی سەددام و ئەمانی عێراق و بنکۆڵبوونی دەسەلاتی ناوچەیی دەولەتە داگیرکەرەکان بۆ کورد دروست نەبوو بوو. سەرانی کورد ئەم دەرفەتەیان بە بلیۆنەکانی بڕێمەر فرۆشت وەک مورتەزەقە عێراقیان دروستکردەوە نەک لە سەر بنەمای ڕێککەوتنێکی سیاسیی بە پێی یاسای نێودەولەتی و ناوبژیی دەولەتە زلهێزەکان و ڕازیبوونی نەتەوە یەکگرتوکان کە ئەمە پرۆسەی ڕاستەقینەی سوود وەرگرتنە لە هەلەکان و هاوکێشەکان. کورد هیچی نەدەویست سەربەخۆ بێ ئەوە نەبێ لە جیاتی ئەوەی عێراقچێتیی بکا بلێ ئێمە ناچینەوە ناو ولات ودەولەتێک کە ئێمەی ئەنفال وجینۆساید کردووە. ئەمەم زۆر وت و زۆرم لە سەر نووسیوە نامەوێ دووبارەی بکەمەوە. لە ناوەوەش کە دەستووری بڕیاردارو و پەسندکراوی خۆت ودەزگای نەتەوەیی دەستووریی و مەدەنیی خۆت نەبوو، یەکێتی نەتەوەیی و دادپەروەرییت بەرامبەر خەلکی خۆت نەبوو، یانی کیانی سیاسیی هەرێمیی یان نەتەوەیی باوەرپێنکراوت نییە وملکی هەموو کەسێکی هی خۆت نەبێ. تاقە دەستکەوتێکی کورد دەستووری عێراق و ۱۷% ی داهاتی عێراقە کە کەم نییە گەر بە خیانەت و دزیی و گەندەڵیی تالان نەکرێ. بەلام مەسعود بارازنی لە پێناوی دەسەلاتی بنەمالەیی خۆیدا و بە فیتی تورکیا کاردەکا، ئەمەش هەڵوەشێنێتەوەو خزمەتی ستراتیجی تورک لە ناوچەکەدا بکات بە بێ ئەوەی تورکیا هیچ ڕێکەوتن و ئیلتیزامێکی نێونەتەوەیی لەگەڵ کورد هەبێ و لە کاتێکدایە کە حکومەتی تورک تاوانکارترین و فاشیستانەترین ڕەفتار بەرامبەر ۲۰ ملیۆن کوردی باکوورو پەرلەمانتاران و سیاسەتمەدارانی کوردو زمان وکەسێتی و کەلتووری کوردی دەنوێنێ.

**شەش پاکیجەکەی ئۆپۆزیسیۆنیش ئەو شەش پارچە پەڕۆیە پیسە بوون کە تەرمی ڕاپەڕینی خەلکی تێدا پێچرایەوەو پێشکەش بە بنەمالەی بارزانی و تالەبانی کرا**

● ● ●

**مەسعود بارازنی لە پێناوی دەسەلاتی بنەمالەیی خۆیدا و بە فیتی تورکیا کاردەکا**

# دەستور یان دستار ؟!

# دستارێ حزبەکێ یان دەستورێ مللەتەکی

ووتارا | مەکی ئامێدی – ئەلمانیا



تەڤگەرا گوران ویەکێتی نیشتیمانی و یەکگرتوی ئیسلامی وکومەلا ئیسلامی وحیزبا شیوعی و حیزبا ئاینده و بزاڤا ئیسلامی، هەمی بهەڤرا داخاز دکەن کو پروژێ دەستوری ڤەگەرینه پەرلەمانێ کوردستانێ دا کو دیسان گفتوگو لسەر بهێته کرن ژبەرکو گەلەک کێماسی بێن تێدا هەین.

لێ جهێ داخێ یه لڤێرە پارتی ڤێ پێشنیارێ قەبول ناکەت و بخەتا سور دبینیت ژبەرکو ئەڤ بەرژەوەندیا بنەمالێ وپارتی دایه، دەما لیستا کوردستانی دەنگ لسەر پروژێ دەستورێ هەرێمێ دای مخابن ئەوان بەرژەورندیێن خەلکێ کوردستانێ نەپاراستن وەک بو مه دیار بوی کو ئەندامێن یەکێتی نیشتیمانی د پەرلەمانی دا پەشیمانن لسەر ڤێ دەنگدانێدا وگەهشتینه وێ باوەریێ کو رەشنڤیسا دەستور دڤێت بهێته گوهرین بەری کو میللەت دەنگ دانێ لسەر بدەت.

ئەگەر ئەم مسوەدا دەستوری بهویری بخوینین دێ بینین کو خالێن باش بێن تێدا هەین ب وێ قاسێ کو ئەگەر بهێنه پەیرەو کرن دێ رێکێ ل گەلەک خاریێا هەردوو حیزبێن دەستهەلاتێ گریت، لێ یا هەرە گرنگ دڤێ رەشنڤیسێ دا ئەوە کو سیستەمێ حوکمدارییێ ل کوردستانێ دێ بیته حوکمێ سەروکاتیێ و دەستهەلاتا پەرلەمان و حوکمەتێ گەلەک کێمترە ژ دەستهەلاتا سەروکێ هەرێمێ، هەر وەسا سەروکێ هەرێمێ دکاریت دیسان خو هەلبژێریته ڤه هندی ئەو بخازیت!؟

پارتی خالا سەروکێ هەرێمێ بخەتێ سور دبینیت ژبەرکو ددستوری دا سەروکێ هەرێمێ دەستهەلاتا رەها یا هەی و وەک ئەم دبینین دەستهەلاتا رەها بو سەروکێ هەرێمێ دبیته دەستهەلاتا رەها یا بنەمالێ وبەرەڤ سیستەمەکێ دیکتاتوری و دویر ژهەمی بنەمایێن دیموکراسی

دەما ئەم رێڤەبەریا سەروکێ هەرێمێ یا نوکه بنێرین دێ بومه دیار بیت کو وی کورێن خۆ و کەسێن نێزیک بو مال باتا خو بێن دانانه جهێن هەرە گرنگ ئەڤه بومه دیار دبیت کو ئەو دخازیت دەستور ڤێ شەرعیەتێ بدەتێ وەک پاشایەک ل کوردستانێ حوکمی بکەت و کورێن وی سیستەمەکێ پولیسی دانێ دا پاشایەتیا مسعود بارزانی بپارێزن!!

ئەڤ پێشنیارا ڤان حیزبێن کوردستانی ئەوە برێکا دەستوری رێکێ لڤی رەنگەێ حوکمی بهێت گرتن ژبەرکو ئەڤه دەست پێکه بو دانانا دیکتاتوریەتێ ل کوردستانێ و مەترسی لسەر ئاسایشا گشتی و سیاسی هەیه

گەلەک جارا دێ پارتی دبێژیت؛ دڤێت ئەم یەکرێزیا مالا کوردی و یەکگرتنا هێزێن کوردی بپارێزین، دا بشێین ئەڤ دەست کەفتێن مه هەین بپارێزین، ددەمەکیدا ل دانانا ئەندامێن بنەمالێ دپوستێ دەسهەلاتەکا رەهایی بومه دیار دبیت کانێ کیژان هێز خو ژدەرڤەی یەکرێزیا مالا کوردی دبینیت و یەکرێزیا بەرژەوەندیێن میللەتێ کورد دهاڤێته قوناخەکا لاوەکی.

پارتی ددیروکا خودا نەشیایە و نەڤیایه بەرژەوەندیێن میللەتی لسەر بەرژەوەندیێن پارتی دابنیت وهەردم ڤیایه کو میللەت و هێزێن دی خزمەتا بەرژەوەندیا بنەمالێ بکەن و وەسا دیار کریه ژئەدەبیاتێن خۆه کو بنەماڵ و پارتی ئەبن کوردایەتی نامینیت و دێ دیسان ئەنفال و کیمباران دەست پێکەن، لێ وێ چەندێ ماندەل دکەن کو ئەو ئێک بوون ژ ئەگەرێن کارەساتێن بسەرێ مه هاتین.

دیارە کو پروژێ دەستورێ کوردستانێ چەند یێ گرنگه و دەستور مولکێ هەمیایه یا دروست ئەوە نەبەس پارتێن دستهەلاتێ ل پەرلەمانی دەنگی لسەر بدەن بەلکو برەنگەکێ تەوافقی یەک دەنگی لسەر هەبیت و ل گەل هەمی هێزێن دناڤ پەرلەمانی و ژدەرڤەی پەرلەمانی بهێته گەنگەشه کرن وە هەروەسا دگەل رێکخراوێن سڤیل ئامادە باشی بو بهێت کرن دا دەنگدان دناڤ میللەت دا لسەر بهێت کرن ژبەرکو دەستور ئێک جار دێ هێت دانان و بەرپرسیەکا نیشتمانی یا ستراتیجی و هویر و کویرە.

ئەز هیڤیدارم هەر کەس وی دەستوری بخوینیت، ئەو دەستورێ دەنگدان لسەر هاتیه کرن ژلایێ لیستا کوردستانی ڤه دا بزانێ چەند یێ سەقەتە ودکتاتوریەتەکا شمولی بەرهەم دئینیت کو مەترسی ل ئایندێ هەرێمێ دکەت، لەو یا ڤەرە ئەم پتر هەمی دوسیەکێ لسەر پرسا دەستوری هویرتر و کویرتر براوەستین ورازی نەبین ب میزاجا حزبەکێ بهێته تێپەراندن وقەبیل نەکەین ببیته دەستارێ حزبەکێ نەک دەستورێ مللەتەکی.؟!!

چاڤدێرێ شاشی یان : رێکش شاکر





تابلویەکی دروستکراو بە دەستی شەهید جەوهەر محەمەد ئاغا مێرگەسوری - زیندانی رایات ١٩٧٤

(( وێنەی کچێکی دەڤەری مێرگەسور ))